ئاوابوونی بەکان

فرێدریک بێچە

لە عەرەبییەوە:

ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل



32859

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

فێربوون

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون
ژمارە (١٥)

ناوی کتێب: ناوابوونی بتەکان
ناوی کتێب بەنەخمانی: Goetzen - Daemmerung
ناوی کتێب بەعەرەبی: أفول الأصنام
ناوی نووسەر: فردریك نیچە ــ Friedrich Nietzche
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: حسان بورقیە ، محمد الناجی، أفریقیا الشرق، الطبعة الأولی، ١٩٩٦.
وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
تایپ: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
نەخشەسازی و بەرگ: جمعە صدیق کاکە
چاپخانە:
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٧٢١)ی ساڵی ٢٠١٥ی پێدراوە.

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

بەخۆشحاڵییەوە، یەکێک لەناودارترین کتێبەکانی نیچە پێشکەشی کتێبخانەی کوردی دەکەم، ئەو کتێبیەی کە نیچە وەکو هەوڵێکی شۆڕشگێڕی و هەڵگەڕانەوەیەک تەماشای دەکات بەسەر ئەخلاقدا. کتێبێک لەپێناو سەراوژێرکردنی بەهاکاندا نووسراوەو، هەوڵیداوە لەم ئامانجە نزیک بکەوێتەوە.

ئاوابوونی بتەکان، کتێبێکە من خۆم لەکاتی وەرگێڕانەکەی و پێشتریش هەرگیز لێی تێر نەبووم و بێزار نەبووم لەخوێندنەوەی، چونکە نیچە دێت لەئاستێکەوە دەمانبات بۆ ئاستێکی تر، لەڕوانگەیەکەوە دەمانگوازێتەوە بۆ ڕوانگەیەکی دیکە، لەهەمووشی جوانتر، ئەم زمانە ڕاشکاوو و تووندەیە کە نیچە خۆی گوزاشتی پێدەکات.

بۆ یەکەمجار لەساڵی (٢٠١١) ئەم کتێبەم وەرگێڕا، بەڵام هەم خۆم لەوەرگێڕانەکە ڕازی نەبووم، هەمیش پێم وابوو، وەکو بەشێکی نۆری کتێبەکانی ترم، هێشتا زووە چاپ بکرێت و پێویستە بچێتە نۆرەوەو چاوەڕوانی نۆرەی خۆی بکات و کاتی زیاتری بۆ تەرخان بکەم.

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

له‌مانگی ئابی ساڵی (٢٠١٥) کاتێك له‌شاری کۆلنی ئه‌ڵمانیا، پشووی خۆم
به‌سه‌ر ده‌برد، جارێکیتر پێیدا چوومه‌وه. هه‌ر به‌وه‌نده‌ش نه‌وه‌ستام، به‌ڵکو
ده‌قێکی ترو، وه‌رگێڕانێکی تریشم پەیدا کرد، تاوه‌کو بتوانم به‌راوردی
وه‌رگێڕانه‌که‌ی خۆمی پێبکه‌مه‌وه. له‌نێو که‌ش و هه‌وای ڕۆژێکی گه‌رم و هاوینی و
ڕۆژێکی باراناوی شاری کۆلندا، له‌ماوه‌ی چه‌ند هه‌فته‌یه‌کدا ئه‌م کاره‌م ته‌واو کرد.

به‌م کتێبه‌وه، ئه‌وه سێیه‌م کاری ئێمه‌یه له‌سه‌ر نیچه، یه‌که‌مجار کتێبی (نیچه)
که له‌لایه‌ن جیل دولۆز نووسرابوو، له‌زمانی عه‌ره‌بییه‌وه وه‌رمگێڕایه سه‌ر زمانی
کوردی، له‌لایه‌ن خانه‌ی وه‌رگێڕانی سلێمانی، سه‌ر به‌وه‌زاره‌تی ڕۆشنبیری له‌ساڵی
(٢٠٠٩) چاپ و بڵاوکرابوویه‌وه. دواتریش کتێبی (ئه‌وه‌یه مرۆڤ) که نیچه خۆی
نووسیویه‌تی، ئه‌میشم وه‌رگێڕاو، هه‌ر دیسان له‌لایه‌ن خانه‌وه‌ی وه‌رگێڕانی
سلێمانی له‌ساڵی (٢٠١٠) به‌هه‌وڵ و کۆششی برای ئازیزم کاك شۆڕش جوانڕۆیی،
به‌ڕێوه‌به‌ری خانه، چاپ و بڵاوکرابوویه‌وه.

بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م ده‌قه کورديیه زۆرباش ده‌ربچێت، من یه‌که‌مجار ده‌قی وه‌رگێڕان
هاوبه‌شه‌که‌ی هه‌ریه‌ك له (حسان بورقیه‌و محمد ناجی) م کرده بنچینه‌و، وه‌کو
ده‌قی ئه‌سڵی ته‌ماشام کردووه، بۆیه له‌پەراوێزه‌کاندا کاتێك باسی ده‌قی ئه‌سڵی
ده‌که‌م، مه‌به‌ستم وه‌رگێڕانه‌که‌ی ئه‌م دووانه‌یه، که به‌داخه‌وه، جگه له‌وه‌ی
زمانه‌که‌ی زۆر سه‌خت و، دژوارو، ناخۆشبوو، به‌ڵام چه‌ند به‌شێکیشیان لێ
قرتاندبوو و، لێیان فڕێداوه‌و، وه‌ریان نه‌گێڕاوه، ئینجا به‌هه‌ر هۆکارێك بێت، ئه‌وه
پێوه‌ندی به‌خۆیانه‌وه هه‌بووه. من بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م ده‌قه ته‌واو بێت، له‌هه‌مووئه‌م
شوێنانه‌دا پشتم به‌وه‌رگێڕانه‌که‌ی (علی مصباح) به‌ستاوه که دره‌نگتر ئه‌م کتێبه‌م
ده‌سکه‌وت.

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ئه‌م وه‌رگێڕانه‌ی دواتر، جگه‌ له‌وه‌ی زمانه‌که‌ی خۆشتره، وردتریش کار
له‌سه‌ر کراوه، بۆیه کۆی گشتی کتێبه‌که‌من به‌م وه‌رگێڕانه‌ی دووه‌میش به‌راور
کردۆته‌وه، له‌م شوێنانه‌شدا که ده‌قی یه‌که‌م قرتاندبووی، به‌م وه‌رگێڕانه پڕ
کرده‌وه‌و لێم وه‌رگێڕاوه. ئه‌وه‌ی بۆمن مایه‌ی خۆشحاڵیش بوو، شاره‌زاییم بوو
له‌چه‌مك و زاراوه‌كانی ئه‌م وه‌رگێڕه، چونكه وه‌رگێڕی كتێبی پێشووتریش بوو
(ئه‌وه‌یه مرۆڤ)، ئه‌وه‌ش وایكرد ئاسانتر له‌زمانه‌كه‌ی تێبگه‌م.

له‌كۆتاییدا، پێویسته سوپاسی خانمه‌كه‌م، (د. پەری محمود وەیسی) بكه‌م،
له‌پاڵ ئه‌وه‌ی له‌كاتی گه‌ڕانه‌وه‌م بۆ سه‌رچاوه‌ی ئه‌سڵی به‌زمانی ئه‌ڵمانی، هاوكاری
زۆری كردووم، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا، كه‌ش و هه‌وایه‌كی جوان و خۆشی بۆ ڕه‌خساندم
لێره له‌ئه‌ڵمانیا، تاوه‌كو بتوانم ئه‌م كاره به‌باشترین شێوه ته‌واو بكه‌م.

ڕێبین ڕه‌سوڵ ئیسماعیل
ستاربوكس كافی، كۆڵن، ئه‌ڵمانیا
٢٠١٥/٩/١

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێرست

پێشەکی ٣
نیچە، ژیان و فەلسەفە ٦
دەروازە ٢٩
بەشی یەکەم: پەندو ڕۆشنایی ٣٣
بەشی دووەم: کێشەی سوقرات ٤٥
بەشی سێیەم: عەقڵ لەنێو فەلسەفەدا ٥٧
بەشی چواردەم: چۆن جیهانی ڕاستەقینە، لەکۆتاییدا بوو بەخورافەت ٦٦
بەشی پێنجەم: نەخلاق وەکو دژە سروشت ٦٨
بەشی شەشەم: چوار هەڵە گەورەکە ٧٨
بەشی حەوتەم: نەوانەی دەیانەوێت مرۆڤایەتی "چاك" بکەنەوە ٩٤
بەشی هەشتەم: ئەم شتانەی ئەڵمانەکان نییانە ١٠٢
بەشی نۆیەم: وڕێنەکانی مرۆڤێکی نەگونجاو لەگەڵ سەردەمدا ١١٤
بەشی دەیەم: ئەم شتانەی کە من قەرزاری پێشینیانم ١٨٤
بەشی یازدەیەم: چەکووش قسە دەکات ١٩٥

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library